# سەبارەت رێنوس و رێزمانی کوردی

## توێژینەوەیەکی زمانەوانی

کامیل ژیر

بەبەرواری2017/3/4 ئیمێڵێکم لەبەشی زمانی کوردی کۆلێجی پەروەدە-بەغدا پێگەیشت سەبارەت کۆنفرانسی ناوبراو. بۆئەومەبەسستە توێژینەوەیەکم بۆناردن سەبارەت رێنوسو رێزمانی کوردی. لە2017/4/6دا ئەم وەڵامەم پێگەیشت:


UNIVERSITY OF BAGHDAD
College Of Education Ibn Rushd
for Humanitarian Sciences

جَامِعَةُ بَغْدَاد
كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية

المؤتمر العلمي الأول لقسم اللغة الكُردية
(اللغة الكُردية أصالة وابداع)

العـدد: ١٩٧،
التاريخ: ٥/٤/٢٠١٧

No.
Date.

الى/ الأستاذ كامل ژير

م/قبول مشاركة

تحية طيبة..

تهديكم اللجنتان العلمية والتحضـيرية للمؤتمر العلمي الأول لقسـم اللغة الكُردية اطيب تحياتها ونود اعلامكم بقبول بحثكم المرسل الينا والموسوم بـ

سەبارەت رێنوس و رێزمانی کوردی

للمشـاركة في وقائع المؤتمر الذي سـينعقد في السـاعة العاشـرة من صـباح يوم الاثنين الموافق ٢٠١٧/٤/١٠ على قاعة ابن رشد، نأمل حضوركم للمشاركة الفاعلة لانجاح المؤتمر.

مع خالص الامتنان والمودة

رئيس المؤتمر
أ.د. علاوي سادر جازع
ع/ عميد كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية

جامعة بغداد
كلية التربية/ابن رشد
مكتب العميد

بەڵام بەهۆی خراپیی باری تەندروستیمەوە، نەمتوانی خۆم ئامادەی کۆنفرانسەکەببم. داواملێکردن بەڕێز پ.د.وریا ئومەر ئەمین لەجیاتی من پێشکەشییکا.

ئەمە دەقی توێژینەوەکەمە، لەگەڵ ئەم سەرنجانەدا:

1- هەوڵێکە بۆپێشخستنی زمانی کوردیی شیرینمان.

2-رێنوسو رێزمانی ئەم نوسینەم بەپێی ئەم توێژینەوەیە نوسیوە.

3-داواکارم خوێنەرەوەی خۆشەویست ئاگادارمبکا ئەگەر هەر تێبینییەکی هەبێ لەسەر توێژینەوەکە.

4-بەهیوام پەیرەوی ئەم توێژینەوەیەبکرێ.

## کورتەی توێژینەوەکە

## سەبارەت ڕێنوسو ڕێزمانی کوردی

لەم توێژینەوەیەدا سەبارەت ڕێنوسو ڕێزمانی کوردی، چوار بیروڕای تازەو داهێنەرانە پیشاندراوە.

بەپێی رای یەکەم، ئەتوانرێ پەرتوکێکی 700لاپەڕەیی بە 594 لاپەڕە بنوسرێ، واتا15%کەمتر. بەهەمان قەبارەی پیتەکانو ژمارەی وشەکانو هەمان مەبەستو بیروڕاکانو لەسەر هەمان قەبارەی کاغەز. بەوەش ئەم ئەنجامانە دەستەبەر ئەبن: تێچو و کێشو ئەستوریی پەرتوکەکە، بەهەمان ڕێژە 15% کەمئەبنەوە.

رای دوەم، پیشنیارێکە بۆنەهێشتنی خاڵو سەروژێر لەنوسینی کوردیا. بەوەش ڕێنوسی کوردی جوانترئەبێو نوسین بەکاتێکی کەمتر ئەنجامئەدرێ.

رای سێیەم، سەبارەت چارەسەرکردنی کێشەی پیتە نامۆکانە لەزمانی کوردیا.

رای چوارەم، سەبارەت جێگەی (ناو)و (کار)ە لەرێزمانی کوردییا کە پێویستە جێگەی ناو هەمێشە بکەوێتە پێش جێگەی کارەوە، بەڵام ئێستا بەهەڕەمەکی، هەر نوسەرێ بەجۆرێ، پێشو پاشی ئەخا!.



## ملخص البحث

فی هذا البحث، أربعة اراء جدیدة ومبتکرة حول املاء وقواعد اللغة الکوردیة.

یتضمن الرای الاول امکانیة تقلیص کتاب من 700صفحة الی 594 صفحة بنفس حجم الاحرف ونفس حجم الاوراق وعدد الکلمات ونفس الغایة والافکار. وبذلک نتوصل الی نتیجة مفادها تقلیص الکلفة ووزن وسمک الکتاب بنفس النسبة المذکورة أعلاه.

ویتضمن الرئی الثانی اقتراحا لازالة الاشارات والنقاط علی او تحت الاحرف الکوردیة. فیؤدی ذلک الی تقلیص الوقت للکتابة ویزید من جمالیة الاملاء والاحرف الکوردیة.

ویعالج الرای الثالث مشکلة الاحرف الغریبة فی اللغة الکوردیة.

وفى الرئى الرابع اشارة الى موقع الاسم والفعل فى قواعد اللغة الكوردية. اذ يجب ان يأتى الاسم اولا ثم الفعل. لكن بعض الكتاب يتصرفون بهذه القاعدة بشكل عشوائى، فمنهم من يقدم الفعل على الاسم وغيره بالعكس.

---


## Research summary

In this research, four new and innovative opinion on spelling and rules of Kurdish language

The first opinion includes the possibility of reducing a book from 700 pages to 594 pages (i.e. 15%) while keeping font and page size, number of words, purpose and idea all the same. Resulting of reduction in cost, weight and thickness of a book by the same percentage mentioned above.

Second opinion includes a proposal to remove the diaresis on or under the letters of the language. This shall result in reduction of writing time and increase the aesthetic of spelling and letter in the language.

Third opinion resolves the issue of using foreign letters in the language.

Fourth opinion refers to the position of name and verb in the grammar of the language. Where name should come first then followed by a verb. This addressed the issue of randomizing this rule by some writers, where some uses the verb before the name and others conversely.


---

## سەبارەت رێنوسو رێزمانی کوردی

## هەنێ بیروڕا

-رێنوسێکی یەکگرتو، هەنگاوێکە بەرەو رێزمانێکی یەکگرتو

-رێزمانێکی یەکگرتو، پێویستییەکە بۆزمانێکی یەکگرتو

رای یەکەم – پاشەکەوت لەڕێنوسا:

سروشتی مرۆڤ وایە، هەمیشە خوازیاری کورتکردنەوەو پچووککردنەوەیە، ئەورێگەیەی جاران بەسەدان کاژێر ئەتبڕی، ئێستە بەیەک کاژێر ئەیبڕی. لەخانویەکی 800 مەتردوجاوە ئەگوێزیتەوە بۆخانوچکەیەکی 80 مەتردوجا، هەمو دنیا لەمۆبایلێکدا پچوککراوەتەوە، ئەورۆمانەی بە 500 لاپەڕە ئەنوسرا، ئێستە بە 50 لاپەڕە ئەنوسرێ. ئێستەش بەگرتنەبەری هەنێ رێگا، ئەتوانرێ نوسین بەجۆرێ کورتکرێتەوە کەپەرتوکێکی 700 لاپەڕەیی (نیو A4) بە594 لاپەڕەی هەمان(نیو A4)و بەهەمان قەبارەی پیت font و هەمان وشەکانو هەمان مەبەستو بیرۆکەکان بێتەبەرهەم. واتا 15%کەمئەبێتەوە

<u>سەرەتا</u>، لابردنی ئەوپیتانەی بنوسرێن یانەنوسرێن، وەکیەکە:

A-پیتی (و) بەپێی دەنگەکانیانو رۆڵیان،پێنج جۆر واو لەزمانی کوردیاهەیە کەئەتوانرێ بەمجۆرە ناویانبنرێ:

1-واوی کورت، کەخۆی لەوشەگەلێکا ئەنوێنێ، وەک: کوڕ، ورد، کورد، وشە، هەڵگورد، بەراورد.

2-واوی مەنگ، وەک: ماستاو، سوێر، کوێر، ناوبەناو، شەکراو، خوار، ئاو، شیاو، دیوار، لێوار.

3-واوی کراوە، وەک: زۆر، ئۆغر، شۆڕ، واژۆ، خۆر، نیوەڕۆ.

4-واوی درێژ کەهەنێ بەدو واو(وو) ئەینوسێ، وەک: سوور،دوور،توور، وورد، ووردە. ووتن.

5-واوی لکێن[1](عطف) وەک: شارو دێ، نانو ماستاو، جوانو ناشیرین، گەورەو پچوک.

ئێستە، کێشەمان لەگەڵ واوەکانی 1،2،3 نیە. ئەتوانین کورتکردنەوە لەجۆری 4،5دا بکەین بەم دو رێیە:

1- واوی جۆری چوارەم، واوی درێژ، وەک واوی کورت بەیەک واو بنوسرێ، چونکە بەیەک یا بەدو واو بنوسرێ، هەر وەکیەک ئەخوێنرێتەوەو یەک واتای هەیە، بۆنمونە: وورد یا ورد، ووشیار یا وشیار، سروود یا سرود، سنوور یا سنور، وەکیەک ئەخوێنرێنەوە. تەنیا لەهەمو زاری کرمانجیی ژێروی زمانی کوردیا، دو سێ وشەی وەک (کوڕ و کووڕ)، (چون و چوون) هەن کە بۆئەوەی لەیەکجیاکرێنەوە، پێویستە دوەمیان بە دو واو بنوسرێ، بائەو چەن وشەیە هەر بەدو(وو) بنوسرێ، ئەوانیتر بەیەک (و).

وەک سەرنجێ، کۆڕی زانیاریی کوردیش[2]، لەبریارێکیا، لایەنگری ئەوەبوە کەهەمو واوێکی سەرەتای وشە بەیەک واو بنوسرێ نەک بەدو واو.کەچی بۆ(ر)ی سەرەتای وشە، لایەنگری ئەوەیە چوکڵەی لەژێرابێ، لەکاتێکا ئەوچوکڵەیەی رێی سەرەتای وشە، ببێ یانەبێ، وەکیەک بەڕێی کەڵەو ئەخوێنرێتەوە، واتا هەمو رێیەکی سەرەتای وشە بەڕێی کەڵەو ئەخوێنرێتەوە.

2- واوی جۆری پێنجەم، واوی لکێن(عطف) کە لەنێوان دو وشە، یا دو دەستەواژە، یا دو رستەدا دێ بۆ بەیەکەوەلکاننیان، وەک: منو تۆ، شاری گەورەو شاری پچوک، نانەکەم خواردو چایەکیشم بەسەریا کرد، براکەی منو براکەی تۆ هاوڕێن، دارەکەم بڕیو سوتانیشم، پروخڕ، تەسکوتروسک، زەویو ئاسمان، رەشو سپی، سەربانو بنبان، شەشو هەشت.. ئەبینین لەنوسینی پەیڕەوکراوی ئەمڕۆدا، دو بۆشایی ئەکەوێتە ئەمدیوو ئەودیوی واوی لکێنەوە (من و تۆ). ئەتوانین بۆشایی یەکەم نەهێڵین، وەک (منو تۆ، رەشو سپی،

شەشو هەشت، ژنو مێرد، نازەنینو نازدار) بەڵکو ئەتوانین هەردو بۆشاییەکە نەهێڵین وەک: (منوتۆ، رەشوسپی، شەشوهەشت) بەڵام کاتێ وشەی لکێنەر بەواو کۆتاییهاتو وشەی لکێنراویش هەر بەواو دەسپێکرد وەک: شاڵاو + وریا، راو + وازی، چاو + ورگ.. نابێ هەردو بۆشاییەکە نەهێڵرێ. واتا بەمجۆرە بنوسرێن: (شاڵاوو وریا، راوو وازی، چاوو ورگ، گوشراوو وشک) نەک: (شاڵاووریا، راووازی، چاوورگ، گوشراووشک).

د.کەمال میراودەلی ئەم واوە بەهاولک ( conjunction) ناوئەباو بەجیاش لەدو ئاخاوتنەکە ئەینوسێ، وەک: جگەرە دەکێشێ و دەشخواتەوە[3].

---

B-پیتەکانی ک،د،ت:

1-پیتی(ک) لەکۆتایی وشەدا، چاویلێبپۆشرێ، ئەگەر پیتە بزوێنی(ێ)بکەوێتە پێش کافەکە، واتا مەبەستمان یەک شتبێ نەک زیاتر، وەک: (دارێ لەجیاتی دارێک، شاخێ لەجیاتی شاخێک، کچێ لەجیاتی کچێک، کوڕێ لەجیاتی کوڕێک).

2-پیتی(د) لەناو زۆر وشەدا نەنوسرێ، وەک: (مناڵ لەجیاتی منداڵ، بەئاسمانا لەجیاتی بەئاسماندا،ئەڵێم لەجیاتی دەڵێم، ئەخۆم لەجیاتی دەخۆم) بەڵام بەدوای پیتەبزوێنی (ە،ێ) وەک پاشگر، ئەبێ دالەکە هەر بنوسرێ، وەک: (لەسەرچاوەدا، لەکوێدا، لەناو ئاوەکەدا، بەکۆڵانەکەدا). ئەم پیتە لەڕوی ئاوازmelodie یشەوە، پیتێکی زبرەو چەن بتوانین بیگۆڕین بەپیتێکی نەرم، باشترە. چونکە بەلابردنی، وشەکە بەئاوازێکی خۆشتر یەتە گوێ.

3-پیتی(ت)ش، لەکۆتایی وشەدا، نەنوسرێ. (وەک ئەخوا نەک ئەخوات، ئەڕوا نەک ئەڕوات، ئەچێ نەک ئەچێت، چوی نەک چویت، بوی نەک بویت، ئەنوی نەک ئەنویت) چونکە بنوسرێو نەنوسرێ، یەک مەبەستو واتا ئەدا بەدەستەوە. بەڵام کاتێ (ت) واتای خاوەنداریبو(تملک) ئەبێ بنوسرێ، وەک: (پاڵتۆکەت لەبەرکە، جلەکانت بشۆ، کراسەکەت مەدڕێنە، پشیلەکەت برسییەتی، مناڵەکەت بنوێنە).

C-وشە لێکدراوەکانو پێشگری: (ئەم، ئەو، لەو، کەپەیوەستبن بەکاتەوە)و پێشگری: (لە، بە، بۆ و ئامڕازی لاریبون):

1-وشە لێکدراوەکان، یا ناسادەکان، وەک وشەیەکی سادە بەسەریەکەوە بنوسرێن. بۆنمونە: (بەفربارین نەک بەفر بارین، یەکیەک نەک یەک یەک، دودو نەک دو دو، چلچل نەک چل چل، دڵخۆش نەک دڵ خۆش، دڵشاد نەک دڵ شاد، دەسبڕین نەک دەس بڕین، سەرئێشە نەک سەر ئێشە، قەرەداخ نەک قەرە داخ، کونەکۆتر، نەک کونە کۆتر، سەرزل، نەک سەر زل، گاوان نەک گا وان، لێکترازان نەک لێک ترازان)و زۆریتر.

2-پێشگری (ئەم، ئەو، لەو) پەیوەست بەکات، بەسەریەکەوە بنوسرێن وەک (ئەمساڵ نەک ئەم ساڵ، ئەوساڵە نەک ئەو ساڵە، ئەمڕۆ نەک ئەم ڕۆ، ئەوکاتە نەک ئەو کاتە، لەوکاتەدا نەک لەو کاتەدا).

بەڵام ئامرازی ئاماژە بۆ کەسێ یا بۆ شتێ، جیاوازە، وەک: (ئەم کورە، ئەو بەردە، لەو جۆرە) بەجیا بنوسرێن پەسنترە نەک بەسەریەکەوە.

3-پێشگری لە، بە بۆ. وەک (لەسەر مێزەکە، بەچاوی تۆ، بەچەن؟ بۆخۆمان، بۆتۆ باشە، بەبەرچاوی منەوە، بەیارمەتی، بۆجوانی، لەشەڕا، لەخەوا،لەبەر تۆ، لەئاوا، لەهەڵچونا، لەترسا) بەسەریەکەوە بنوسرێن.

4- ئامرازی لاریبون(نفی) بەجیا نەنوسرێ، بەڵکو بلکێنرێ بەوشەکەی پێشییەوە، وەک (سالار زیرەکنیە) نەک (زیرەک نیە) هەروەها بنوسرێ: (چابوکنیە، پاڵەواننیە، سەرخۆشنیە. دارەکە درێژنیە، بەرەکە پاننیە) چونکە بەسەریەکەوەبێ یا نەبێ، هەر یەک واتا ئەبەخشێو وەکیەکیش ئەخوێنرێتەوە. هەروەها بزوێنی ئەرێ وەک (زیرەکە، چابوکە، پاڵەوانە) بەسەریەکەوەبێ.

بەکورتی: هەتا بتوانین وشەکانو پیتەکان لەیەکدەین، باشترە. بەمەرجێ نەبێتە هۆی زیان لەواتا، یا سەرلێتێکدان. نوسەر خۆی ئەتوانێ ئەو بریارە بدا.

نابێ ئەوەش بەگرفت بزانین کە بەگرتنەبەری ئەو رێگایانە، واتا بەلەیەکدانی وشە یا پیت، وشە زیادلەپێویست درێژئەبێتەوە.. لەرێنوسی زمانی ئەلمانیا، بۆنمونە،وشە هەیە بە 21پیت ئەنوسرێ وەک: ERZIEHUNGSMiNISTERIUM[4] وشەیتر هەیە بەدێرێ ئەنوسرێ.

بەم هەنگاوانە، سەرەڕای نەهێشتنی مەودا(space)ی زیاد، پەرتوکێکی 700لاپەڕەیی ئەبێ بە594لاپەڕە. واتا 15%کەمتر بەخەملاننی من، برێ زیاتر یا کەمتر. ئەوەش ئەم ئەنجامانەی لێئەکەوێتەوە:

1-تێچو(کلفە)ی پەرتوکەکە بەهەمان رێژە کەمئەبێتەوە. ئەمە بارسوکیەکە بۆگیرفان.

2-کێش(وزن)ی پەرتوکەکە بەهەمان رێژە کەمئەبێتەوە. ئەمەش بۆ هێنانوبردن ئاسانترە.

3-ئەستوریی پەرتوکەکە بەهەمان رێژە کەمئەبێتەوە. بەمەش جێگەیەکی کەمتر لەناو کتێبخانەکانا ئەگرێ.

---

بەوجۆرە، سەرەڕای پاشەکەوت لەکاتاو کەمکردنەوەی تێچونو کێشو ئەستوری، زمانەکەمان زیاتر ئەبێتە زمانێکی نەرمونۆڵ، واتا زمانێکی رەوانو مۆزیکی.

جگە لەو رێگەیانە، ئەگەر واز لەدرێژدادرێش بێنین لەنوسینا، ئەوا پەرتوکە 700 لاپەڕەکە، ئەبێتە کەمتر لە500لاپەڕە.

---

ئێستە وەک کارێکی ئەزمونگەیی(مختبری) بابزانین هەوڵەکەمان سەرکەوتوە؟ بۆئەو مەبەستە، دێرە نوسینێکی مامۆستا نوری عەلی ئەمین[6] کەجێگەدەستی لەرێزمانی کوردیا دیارە،بەنمونە ئەهێنینەوە، وەکخۆی، بەمەودا (سپێس)ەکانیشیەوە، ئەینوسینەوە. دوایی دوبارە بەرێنوسی پێشنیارکراومان دائەرێژینیەوە:

راناو ووشەیەکە لە زمانی کوردی دا ، دەورێکی گرنگ دەبینێت ، لەبری کەسێ ، یان شتێ بەکاردەهێنرێت لە ئاخاوتندا ، کەسەکە ، یان شتەکە دەشێت لە پێشەوە ناوی هێنرابێت، یا

راناو وشەیەکە لەزمانی کوردیا، دەورێکی گرنگ ئەبینێ، لەبری کەسێ، یاشتێ بەکارئەهێنرێ لەئاخاوتنا، کەسەکە، یاشتەکە دەشێ لەپێشەوە ناوی هێنرابێ، یا

ئەبینین لەو تاکە دێڕەدا کەدرێژییەکەی 33 سانتیمەترە، 5سانتیم پاشەکەوتئەکرێ. واتا لە15%. کەواتە ئەنجام رێک وەک ئەو خەملاننە دەرچو کەلەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیبۆکراوە.

رای دوەم-خاڵو سەروژێر

ئێمە ئەگەر بمانەوێ رێنوسێکی جوانو پێشکەوتومان هەبێ، ئەبوایە یائەبێ واز لەچوکڵەو سەرو ژێرو خاڵ بێنین وەک بۆئەم پیتانە دانراون (ێ، ب، پ، ت، ج، خ، ڕ، ز ،ش، غ، ف، ق، گ، ڵ، ن، ۆ، وو، ێ ) چونکە ئەو چوکڵەو سەرو ژێرو خاڵانە، وەک رێنوسی کوردی ناشیرینئەکەن، کاتیش بەفیڕۆئەدەن، لەبەرئەوەی لەنوسینیانا ئەبێ دەست هەڵگێری بۆدانانی ئەو خاڵانە لەسەر یا لەژێر ئەوپیتانەدا، ئەوەش کاتێکی زیاتری ئەوێو کاتبەفیڕۆدانە! بۆیە لەجیاتیئەوانە، چاکوجوان وایە، هەمو پیتەکان سادەبن، واتا هەرپیتێ سەربەخۆییو شێوەی تایبەتیی خۆی هەبێ بەبێ خەتوخاڵ. دیارە ئەوە لەکاتی ئێستەدا بەم پیتانە ناکرێ کە بەپیتی ئەرەبی ناسراون. بەڵام هەرکات رێنوسمان کرا بەپیتی لاتینی، یا بەداڕشتنی پیتی تایبەت بەزمانی کورد، ئەوە ئاسانئەبێ.

---

داڕشتنی پیتی تایبەتیش بەزمانی هەر نەتەوەیەک، پێویستییەکی نەتەوەییانەیە. چونکە هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە جیاواز لەنەتەوەکانیتر. جا ئەو داڕشتنە، یا لەهەمو رویەکەوە جیاوازو سەربەخۆیە، یا یەک لەویترەوە یا لەوانیترەوە وەرگیراون بەدەسکارییەوە. ئێستە کورد بەدو جۆر پیت ئەنوسێ، ئەرەبیو لاتینی. هیچیان بەتەواوی گونجاونین بۆزمانی کوردی. یەکەمیان بەهۆی ئەو هەمو سەرو ژێرو خاڵەوە لەسەرو لەژێری وشەکانا، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد. دوەمیان بەو هۆیەوە کە لەپیتی لاتینیا هەنێ دەنگ بەزیاتر لەپیتێک ئەنوسرێ وەک پیتەکانی (چ ch، ش sh ، ژ zh) کەئەوە پەسننیە. چ پێویستە!؟ ئەتوانرا کاتی خۆی بۆ ئەو 3 پیتە، 3 وینەی جیاوازیان بۆ بکێشرایە.

بۆیە پێویستیمان بەداڕشتنی پیتگەلێکی گونجاو لەگەڵ زمانی کوردی هەیە. ئەوداڕشتنە نوێیەش، کێشەی نێوان خوازیارانی پیتی ئەرەبیو خوازیارانی پیتی لاتینی ناهێڵێو بەبێ شەڕو دوبەرەکی، ئەبینە خاوەنی رێنوسێکی یەکگرتو بۆهەمو کوردستان. ئەوەش کارئاسانیو هاندەرێکە بۆزمانێکی یەکگرتوی کوردی کەئاواتی هەمومانە.

---

رای سێیەم –پیتە نامۆکان بەزمانی کوردی:

1-پیتە کوردییە ڕەسەنەکان بریتین لە: ئ، ا، ب، پ، ج، چ، خ، د، ر، ز، ژ ،س، ش، غ، ف، ڤ، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ی، ێ.

2-پیتە نامۆکان بریتین لە: ث، ح، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع، ق.

پیتە نامۆکان بەهەر هۆیەکەوەبێ تێکەڵ زمانی کوردی بون، بەڵام سازو ڕەوان نایەنە گوێ! بۆیە نامۆن بەزمانی کوردی. ئەوپیتانە زیاتر بۆناو بەکارهێنراون وەک: کەوثەر، حەسەن، ذونون، صالح، فاضل، طالب، نظام، عەلی، قادر.هەروەها تێکەڵ زۆر وشەیتریشبون.

بۆبژاری ئەوپیتانە، لەهۆنراوەیەکا، کەئەمە بەشێکێتی، وتومە:

پیتگەلی نامۆ

کوردیی، زایەڵەی سۆزو ئاوازە، چۆپیو ئاهەنگە

بەوپیتانە، وەی، باری سەرشانە، کێشی لاسەنگە

بۆگێڕانەوەی بەشێ لەماڵو مڵکی خاوەن ماف

حێ، بە هێ کەن و، عەین بە ئەلف و، کاف لەجێگەی قاف

ئەو شەشەیتریان، بێمەرجو سەوا، دەرهاون لەماڵ

یا شەبەیخونی بێگانەبەدەر، یا ڕاپێچی چاڵ

ئەو نەتەوانەش کە بەپیتی لاتینی ئەنوسن: پیتە نامۆکان هەر بەپیتی زمانەکەی خۆیان ئەنوسن، وەک:
Hesen, Salh, Fazl, Talb, Nidam, Ali, Kadir,Omer, Arab,

بەڵام چونکە کورد لەباشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پیتی ئەرەبی بەکارئەهێنن، ئەو پیتە نامۆیانە، هەر بەدەنگەکانی خۆیان، تێکەڵ بەزمانی کوردیبون. ناسکیو مۆزیکی زمانەکەشیان شێوانوە. لەبەرئەوە پێویستە ئێمەش ئەو پیتە نامۆیانە، وەک ئەونەتەوانەیتر، بەپیتی ڕەسەنی خۆمان بنوسین بەمجۆرە: ث>س، ح>ە، ذ>ز، ص>س، ض>ز، ط>ت، ظ>ز، ع>أ، ق>>ک.

ئێستە کێشەی زۆرمان لەگەڵ پیتەکانی ث،ح،ذ،ص،ض، ط، ظ، ع ئەوەنەنیە. خەڵکی خەریکە بەخواستی خۆی ڕوی لێوەرئەگێڕێ. تەنانەت (ح)و(ع)یش خوازیاریان کەمبۆتەوەو بە(هێ)و(ء) دەرئەبڕرێن. هەنێ جاریش بەعومەر ئەوترێ هۆمەر، عثمان-وەسمان، یا-وسو. ناونانی منداڵەکانیشمان بەکوردی، تەنگی بەناوە ئەرەبییەکان هەڵچنیوە. لەو باوەڕەدام دەساڵێکیتر، ناوی ئەرەبی لەناومانا نامێنێ. مەگەر لای وشکە موسوڵمانەکان، یا لەو ناوچە داگیکراوانەی زمانی کوردیی تیا کەدەغەیە.

ئەوەی ئێستە کێشەی گەورەیە، پیتی (ق)ە. ئەم پیتە بەناخی زمانی کوردیا ڕۆچوەو زۆری ئەوێ بۆلەڕەگوڕیشە دەرهێنانی. بەداخەوە کۆڕی زانیاریی کورد بەپیتێکی کوردیی پێناسەکردوە بەهەنێ بەڵگەی لاواز[5] ، لەکاتێکا زۆر بەڵگەی پێچەوانە هەیە. لەوانە:

1-ژمارەیەک لە وشە قافدارەکان کوردینین، وەک: قەت لە قط، هەق لە حق، قسە لە قصە، قوتو قوطیەوە هاتون. قرتە کرتەیە، قرتەقرت کرتەکرتە. وشەی قسە هەر کوردینیە، کورد ئەڵێ وتە. سێ ئامۆژگارییەکەی زەردەشت: بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاک. قەڵەو کەڵەوە. کەڵەو لەکەڵەوە هاتوە واتا گەورە یا زلە وەک کەڵەگا.

2-لەهەنێ زاری کوردیا(ق) گۆڕاوە بە(ک) یا بە(خ) وەک وشەی قەزوان کە لەزاری لوڕیا پێیئەوترێ کوڵان، قوڕ پێیئەوترێ خەرگ.

3-لەهیچ زمانێکی ڕۆژئاواییا قاف نیە.

4-ئەم پیتە ئەوەنە زبرە، لەهەنێ وڵاتا وەک: سوریا بەهەمزە دەرئەبڕێ(ئەئولەک لەجیاتی ئەقول لەک). لەناو هەنێ کۆمەڵگەی ئیراک بۆتە گ (گەواد لەجیاتی قەواد، گوم لەجیاتی قوم، ئەگوشک لەجیاتی ئەقوشک، تگدەر لەجیاتی تقدەر) لەناو فارسا بۆتە غ (ئاغا نەک ئاقا). زمانی تورکی لەزمانی کوردی وێرانتربو بەپیتی قاف. بەڵام کەپیتەکانی ئەوزمانە کران بەپیتی لاتینی، پیتی قاف هەموی کرا بەکاف. ئێستە لەتورکیا ناتوانرێ (ق) بەدەمدابێ. ڕاستە بۆماویەک، جورێ گرفتو شۆک دروستئەبێ، بەڵام زۆرناخایەنێ ئەبێتە ئاسایی.

ڕای چوارەم-جێگەی ناوو فرمان لەزمانی کوردییا:

سروشتی زمانی کوردی وایە، لەڕستەدا هەمیشە ناو ئەکەوێتە پێش فرمان، وەک:

دارا دو داری بڕی، دروستنیە بوترێ دو داری بڕی دارا.

منو براکەم پێکەوە ئەچین بۆسەیران. دروستنیە بوترێ ئەچین بۆسەیران منو براکەم.

ئێمە هەردوکمان لەخەوابوین کە ئازاد هات بۆلامان.

ئەوان یارمەتیی هەژاران نادەن.

هەنێ ڕستە بەڕواڵەت لەرستەی فرمانی ئەچێ، واتا فرمان پێش ناو کەوتبێ!! وەک:

چوم بۆبازاڕ، بەڵام ئەمەش هەر رستەی ناوییە، ناوەکە ڕاناوێکی دەرنەبڕراوە کەکەوتۆتە پێش فرمانەکە. واتا: (من) چوم بۆبازاڕ. دوایی ئەو منە لابراوە بەمەبەستی کورتکردنەوە. بەوجۆرە:

چوین، واتا ئێمە چوین.

چوی، واتا تۆ چوی.

چون بۆ سەیری یارییەکە، واتا ئەوان چون.

**ئەنجام**

بێگرتنەبەری ئەو رێگایانە، لەم ئاژاوەی رێنوسو رێزمانەی ئێستە لەئارادایە، رزگارماننابێ. نەک هەر ئێستە، بەڵکو لەئایندەو لەهەبونی دەوڵەتێکی یەکگرتوشا. پیتگەلێکی یەکگرتو، بەردی بناغەی رێنوسێکی یەکگرتوە. رێنوسێکی یەکگرتوش، بەردی بناغەی زمانێکی یەکگرتوە.

**<u>لەکۆتاییا،دو سەرنج:</u>**

1-لەم توێژینەوەیەدا، هەمو ئەوخاڵانەی لەبارەیانەوە دوام، لەم نوسینەما پەیرەومکردون ، کەپیاپاچومەوە، هیچ گرێو کۆسپێکم تیانەدی. بەڵکو هەستمکرد نوسینێکی رەوانو سازو خۆش دەرچوە. هیچ زیانێکیشم بەزمانەکەمان نەگەیانوە. لەگەڵئەوەشا ئەبمە سوپاسگوزاری هەر بەڕێزێ ئەگەر بۆڕایەکی جیاواز، پەنجەکانی درێژکا بۆرەخنەو باری سەرنجی خۆی.

2-لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵمداوە زۆر بەکورتی مەبەستەکانم دەربڕم، چونکە توێژینەوەکەم بۆمامۆستاو کەسی شارەزا لەزمانی کوردیا نوسیوە، نەک خوێنکاری سەرەتایی یا کەسێ کەتازە بیەوێ فێری کوردییێ. بەهیوام ئەگەر دەرفەتبو، ئەم توێژینەوەیە بکەمە بناغەیەک بۆپەرتوکێ کەڕاڤەو شیکردنەوەو نمونەی زیاتر بگرێتەخۆ. هەروەها لەدەرگای شێوەزاری کرمانجیی سەروشبدەم.

***

پەراوێزو سەرچاوەکان:

1-واوی لکێن(عطف) ئەو واوەیە کەئەکەوێتە نێوان دو وشە، یا دو دەستەواژە، یادو رستەوە بۆبەیەکەوەلکاندنیان، بۆیە من ناومنا، واوی لکێن. دیارە ئەوە وەرگێرانی ناواتەیی (حرفی)ی وشەی (عطف)نیە، بەڵکو وەرگێرانێکی واتەییەو بەئاسانی تێیئەگەین. هەر لێرەدا (ترجمە حرفی)م کرد بە(وەرگێرانی ناواتەیی) کە هەنێ ناویانناوە وەرگێڕانی پیتی، یا وەرگێڕانی پیتبەپیت.

2-بڕوانە نامیلکەی رێنوسی کوردی بەپێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عیراق دەستەی کورد 1987 ل9

3-فەرهەنگی رێزمانی کوردی- د. کەمال میراودەلی سلێمانی 2007. ل32.

2 ل- Deutsch fur Araber –STEPPAT - KLOPFER -4

5-هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزانی کوردیدا کۆڕی زانیاری عیراق. دەستەی زمانو وێژەی کوردی. 1985 ل.14

6- نوری عەلی ئەمین-ئەرک و شوێنی راناوە کەسی یەکان لە ((ئاخاوتنی کوردی))دا) 1986ل5.